
ئەڵماس مستەفا

**جەژنی بێتۆیی**

ئەم جەژنەم بێ تۆ
لای من وەك شینە ئەمڕۆ
جەژنی چی قوربان
گەر نەبینم باڵای تۆ
جەژنانەی خەڵکی
نەباتی پێکەنینە خۆ
بۆ منی بێکەس
شیوەن و گرینە بۆ؟
جەژنی چی قوربان
تۆی تیا نەبینم .. تیا چووم
دڵ شکاوم وەک منالْی
هەتیوو کەوتووم..
خەندە و پێکەنین
گشتی تۆراون لە ڕووم.
لە پێدەشتی خەما
هەردێم و دەچم .. ون بووم.
جەژن و جەژنانە و خەڵاتی من
هەرتۆی
هەر رۆژێك، کەهاتی
ئەوە جەژنێکە بۆ خۆی.

**سوێد**